بریٚڤ

# بژی مێردی سەرۆک


## نووسینی: شێرزاد هەینی ـ سوید

Sherzad55@hotmail.com




## مێرکل و مێردەکەی

پاش ئەوەی کتێبێک لەسەر ( ئەنجیلا میرکل ) ی راوێژکاری ئەلمانیا بە زنجیرەو رۆژانە لە رۆژنامەی القبسی کوێتی بلاوکرایەوە خوێندمەوە، بڕیارمدا، رۆژانەو ژیاننامەو بیرەوەری و خەبات و حزبایەتی و ژنایەتی و مامۆستایەتی و شیوعیایەتی و ئازایەتی ئەنجیلا میرکلی راوێژکاری ئەلمانی بکەمە کوردی، چەند شەوو رۆژێکی بۆ تەرخان بکەم، بینووسمەوە، پاکنووسی بکەمەوە، دووبارە بیخوێنمەوەو رێنووسەکەی تەماشا بکەمەوە، پیتی قەڵەو لاوازەکانی چاک بکەمەوە، گەورەو گچکەی بکەمەوە، ماوەیەکی زۆری بۆ تەرخان بکەم،

لە لاپەرەکانی بۆم دەرکەوت مێردی ئەو ژنە، ئەو پیاوەی رۆژی دانانی و لە کاتی رێورەسمی وەرگرتنی ژنەکەی ئەو پۆستە، گەورەیە ئەوروپییە جیهانییە بازرگانییە پیسەشازییە زانستییە شارستانیەتیە دستەڵاتداریتیەو زۆری تری لەو پۆستە وەرگرتووە، بە پێناسەی خۆمان کۆشک و پارەو خانوو و چەند پارچە زەوی و سەفەرو گەڕان و ئیفاد لەسەر حیسابی حکومەت، لەبەرئەوەی منالی نەبووە، ئەگەرنا ئەوانیش زۆریان بەردەکەوێت و زۆری زۆری تریش، ( ئەوانە بە پێناسەی ئێمە ) بەریدەکەوێت و سوودمەند دەبێت، مێردەکەی نەچووە، ئامادەیی مەراسیمەکەی نەبووە.

(جواشیم سویر ) ی زانای کیمیای ئەلمانی مێردی ئەنجیلا میرکلە، میرکل ئەوەندەی خۆشدەوێت لە خۆشەویستیان نازناوی خۆشی لێناوەو بە ( ئاشیم ) بانگی دەکات. ئەو ژن و پیاوە گەورەیە هۆکاری ئەوە بوو من ئەو نامیلکەیە ئەو کورتە ژیانەی راوێژکاری ئەلمانی بکەمە کوردی، بەتایبەتی پیاوەکە چونکە ئەو پیاوە، لەبەر کاری رۆژانەی نا لایبری و کاری زانکۆو وانەوتنەوەو خوێندنەوەو چاودێری زانستی و دەوامی رەسمی و خشتەی رۆژانەی کە زۆر زووتر بۆی دانراوە، پێش ئەوەی ژنەکەی لە گەورەترین پرۆسەی هەڵبژاردنی وڵاتێکی گەورەی بە سەرژمێر هەشتا نۆهەد ملێونی وەک ئەلمانیای یەکگرتوو ببێتە کەسی یەکەم،

ژنی یەکەم، دەستەڵاتی یەکەم و پاشانیش ڕەچاوی سەرۆکایەتی یەکێتی ئەوروپیشی لێکراوە، ئەو بەرنامەی هەبووە بچێتە زانکۆو لە ساڵۆنە تایبەتیەکەی لە زانکۆی بەرلین دەرس و وانەو ئەزموون بڵێتەوە. ئەو ڕۆژە ئەو بەشداری ڕێورەسمە ڕەسمیەکەی نەکردووە،

نەچووەو خۆی بە گەورە سەرمایەدارانی پیشەسازی بناسێنێت،

نەچووە بۆ نموونە تا خاوەن کۆمپانیایەکی ئوتومبێلی بارهەڵگری ( مان ) بناسێت، کەوا تەنیا کارگەکەی ئەو ساڵانە بای نزیکەی دە ملیار یۆرۆ بەرهەمی بووە،

نەچووەو دەوامی زانکۆی لا پیرۆزتربووە، خوێندکارەکانی لا مەبەستتربووە. نەک هەر لەو مەراسیمەدا نەچووە لە کەم بۆنەی تایبەتی سەرۆکایەتی و لوتکەییش بەشدار نابێت، بەڵام بەناچاری ئەگەر سەرۆکێکی تر مێوان بێت ئەو ژنەکەی هاوشانی بووبێت، ئەوە ئەو بە دوودڵی و بەنازەوەو بەکورتی و بەخێرایی و بەشەرمەوە چووە..!

ئەو نامیلکەیەم وەرگێرایە کوردی، بە زەنجیرەش لە ڕۆژنامەی ( بەدرخان ) بڵاودەبێتەوە، لەبەر ئەوە نەبوو ئەو ژنە ئازایە، لە ماوەیەکی کورت پاش رووخانی دیوارەکەی بەرلین لە ساڵی 1989 ەوە بەراستی و بەسەرەتایی هاتووتە ناو سیاسەت، لە بەشە خۆرهەڵاتیەکەی ئەلمانیایەوە هاتووەو بویتە راوێژکاری هەردوو بەشەکەی، ئەو ژنەی زوو دروست و زووش پێگەیشت و زوو کولاو زووش جێی دەست و پەنجەو بەرنامەشی دیاربوو. پێناسەی ئەو خەبات و ئەو کۆششەیە، ناسینی ڕەوشی ئەلمانیای خۆرئاوایە، من ئەو ژنە بە شانازو شاژن و شابیرو شاکۆو شانوو دەزانم، بەڵام مێردەکەی نموونەی پیاوو کەسی شارستانی ڕۆژگارە، ئەو نەیویستوەو ناشخوازێت لەسەر حیسابی سیاسەت و پلەی ژنەکەی و کەسی تریش سوودمەندبێت، ئەو نەیویستوە زانستی خۆی و داهێنانی خۆی بە شتی تر بگۆڕێتەوە، لە بواری کاری بەردەوام و ماندبوونی زۆرترو ئەرکی قوورسترو ڕۆژانەی گرانترو شەوانەی زەحمەتترو بێ ژنی زۆرتر بمێنێتەوە.